# **توند و تیژی و نەریتی تێئۆلۆژی ئیسلامی**
# **کوشتن لە ڕێگای خودادا**

مارتین ڕۆنهایمەر*
لە ئاڵمانییەوە بۆ کوردی:
ڕەحیم بەهرامزادە
ڕۆژنامەی NZZ Online
06.09.2014

**تیرۆریستە ئیسلامییەکان بۆ پاساو کردنی توند و تیژی و ئاکاری نامرۆڤانەیان پشت بە ئایینی خۆیان دەبەستن و بەڵگەش هەر لە سەرچاوە ئایینییەکان دێننەوە. ئایا لە سەرچاوە و سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلام وەها کەرەسەیەک بە دەستەوەیە، کە کوشتن و توند و تیژی بە ناوی ئیسلامەوە بە شیوەی ئوسولی بدرێتە دواوە؟ نا! ئیسلام دەبێ لەبنەڕەتەوە خۆی بگۆڕێت.**

تیرۆری هێزەکانی داعش دژی "بێ باوەڕ" و مەسیحییەکان بووەتە هۆی سەرسوڕمان و ترسی رای گشتی رۆژئاوا. لە دنیای ئیسلامدا بە دەگمەن گوێمان لەو دەنگانە دەبێ، کە ئەو کردەوە تیرۆریستییانە مەحکووم بکەن. ئەگەر گوێمان لەوەها دەنگێکیش بێ، ئەوە زۆرتر دژی ئەو کردارە توونـد و تیژانەیە کە دەبنە هۆی بەدناو بوونی ئیسلام، نەک بە شێوەیەکی ئوسولی دژی توند و تیژی و تیرۆر. بۆ وێنە فتوای ئیمامەکانی بریتانیا لەو دواییانەدا ناتەبایی تێدایە. بە پێچەوانەی فتواکەی ئەوان داعێش گرووپێک نییە لە دین لایدابێت، بەڵکوو ئەو ڕێکخراوەیە ڕاست لاسایی ئەو کردارانە دەکاتەوە کە لە مێژووی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی بە دنیادا پەیڕەو کراوە. سەرمەشقیش خودی موحەممەدە. سەرچاوەی شەرعییەت بەخشینیش قورئان و سیستەمی یاسای ئیسلامی واتە "شەریعەت"ە.

## **ئایینێکی سیاسی**

وەک ئاگادارین ئەبوبەکر ئەلبەغدادی خۆی کردووە بە خەلیفە. لە کتێبێکی چکۆلەدا، کە ئەمریکایی نوێ موسڵمان 'نووح ها میم کێلەر' [Nuh Ha Mim Keller] بە ئینگلیسی تەرجەمەی کردووەتەوە و لە لایەن زانستگەی ئەلئەزهەرەوە تەئیید کراوە، ئەرکی خەلیفە دیاری کراوە: خەلیفە پاش ئەوەی داوای لە جوو، مەسیحی و زەردوشتی کرد خۆیان لەگەڵ نیزامی ئیسلامی بگونجێنن و جەزیە بدەن، دەبێ دژیان بجەنگن؛ داعش لە ناوچەی دەسەلاتی خۆی کوت و مت وا ڕەفتار دەکا. ئەو مەسیحییانەی لەوێ دەژین دەبێ چاوترسێن بکرێن، بە دانی جەزیە ببنە سەرچاوەی مالی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی. موحەممەد سەرەتا جووەکانی لە مەدینە دەرکرد و پاشان بە کۆمەڵ سەری دەبڕین.
پاشان بە مەسیحی و جووی دەگوت ئەهلی کتاب؛ ئەوان بۆیان هەبوو لەژێر دەسەڵاتی ئیسلامدا پەیڕەوی لە ئایینی خۆیان بکەن، سەرانە بدەن و سەرباری ئەوانەش دەبوو هەموو جۆرێک سووکایەتی و هەڵاوێردەیی قەبووڵ بکەن. لە سوورەی ۹ ئایەی ۲۹ دا نووسراوە. دژی ئەوانە بجەنگن، کە[...] پەیڕەوی ئایینی ڕاستەقینە نین، ئەوانەی کتابیان پاراستووە، لەگەڵیان بجەنگن تا بە سەرشۆڕی سەرانە (جەزییە) بە ئەنگۆ دەدەن[1].

لەسەرەتای بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا موسڵمانەکان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتیاندا کەمینە بوون. دەسەڵاتی ئەوان بەسەر 'زممە' دا قورسایی دەکرد. زممە بەشێک لە ئوممە نەبوو. ئەوانەی ئەهلی کتاب بوون، واتە جوو، مەسیحی و ئەوانی دی، وەک بێ باوەڕ ڕەفتاریان لەگەڵ نەدەکرا و بۆیان هەبوو بژین، ئەگەر نەشبووایەن بە موسوڵمان. داعش ئێزیدییەکان بە ئەهلی کتاب نازانێ و بۆیە ڕاویان دەنێ. بۆ ئەوان تەنیا دوو ڕیگایە هەیە: چوونە سەر دینی ئیسلام یان کوژران. تێئۆلۆژی ئیسلامی خاوەنی وەها سەرچاوەیەک نییە کە کردارەکانی داعش بە نائیسلامی بزانێ و مەحکوومی بکا. لە ئیسلامدا ئەسڵی یاساخکردنی موتڵەقی کوشتن نییە. بە پێچەوانەوە مۆڵەتی کوشتنی بە سەرجەم هەیە: "ئێوە ئەو بێ باوەڕانەی نایەنە سەر دینی ئیسلام بکوژن." بۆ وێنە سوورەی ۹ ئایەتی ٥ دەڵێ " ... کافران بکوژن، لە هەرکوێ دەیانبینن، پەلاماریان بدەنێ، گەمارۆیان بدەن و لە هەموو شوێنێک خۆیان لێ مات بدەن! بەڵام ئەگەر باوەڕیان هاورد و زەکاتین دا، لێیان گەڕی بە ڕێگای خۆیاندا بڕۆن! خودا دڵۆڤانە و ئامادەی لێبووردنە[2].

ئیسلام لە سروشتی خۆیدا لە ئایین فرەترە. ئیسلام کۆمەڵێک باوەڕ و پەیڕەوی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. ئەو ئایینە دەخوازێ هاوکات پێکەوە هەم سیاسەت و هەم ئایین و هەم نەزمی کۆمەڵایەتی بێت. ئیسلام لەسەرەتاوە ئایینێکی جەنگی بووە. ئیسلام دەخوازی ماڵی ئیسلام لەسەر هەموو گۆی زەوی دابمەزرێنێت. مەبەستی سەرەکیش ئەوە نییە ناموسولمانەکان بکاتە موسولمان، مەبەست ژێردەست کردنی ئەوانە.
دژایەتی لەتەک ئەو زۆرە ملییە دەشێ ببێتە هۆی لە دەسچوونی ژیان. لە مێژودا یەکبوونی ئایین و سیاسەت، بەردەوام پڕۆگڕام بووە، بەڵام دەگمەن بوونی هەبووە. ناوەندی دیکەی دەسەلات هاتنە ئاواکردن کە لە ژێر دەسەڵاتی خەلافەتدا نەبوون. بە پێی ڕێنوێنییەکانی ئیسلام تەنیا ئەو کاتە دەبوو جیهاد دژی ناباوەڕان بوەستی و چەک لە نێوان دوو لایەندا بێ دەنگ بێ کە ئاسۆیەک بۆ فراوانکردنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی موسوڵمانان بە دی نەدەکرا. ئەوەش دەبووە هۆی سەردەمی دوور و درێژی پێکەوە ژیان. جگە لەوە، دەبێ کەمینە ناموسولمانەکانی دانیشتووی وڵاتانی ئیسلامی خۆیان لەگەڵ یاسای خۆجێیی بگونجێنن.

---

[1] هەژار ئەوە ئایەتەی بەم شێوە تەرجەمە کردۆتەوە: "وەل ئەوانەدا بجەنگن کە بە خودا و رۆژی سەڵا بێباوەڕنو هەرچی خواو پێغەمبەری خوا بە نارەوایان زانیوە، ئەمان بە رەوای دەزانن و نایەنە سەردینی راستیش تا ئەو کاتەی بە زەلیلیو بە دەستی خۆ، سەرانەی خۆ بەنگۆ دەدەن." بڕوانە کتێبی 'قورئانی پیرۆز'.
[2] هەژار ئەوە ئایەتەی بەم شێوە تەرجەمە کردۆتەوە: "هەر کە مانگە حەرامەکان بڕانەوە، ئەو بتپەرستانەو لە هەر کوێ وەدەس کەوێ، لە گرتن و بەندکردن و کوشتنیان دەس مەپارێزن و بۆسەیان بۆ بنێنەوە. ئەگەر پەژیوان بوونەوە و بوونە نوێژکەر و زەکات دەر، ئەوسا دەستیان لێ هەڵگرن. خودا لە گوناە خۆش دەبی و دلۆڤانە." بڕوانە هەمان سەرچاوە.

لە وڵاتانی رۆژئاوادا موسولمانێکی زۆر خۆیان لەگەڵ کۆمەڵ گونجاندووە و نایەنەوێ ناوی جهاد ببیسن؛ هەروەها لەو وڵاتانەی کە زۆرینەی خەلک موسوڵمانن، تەنیا بەشێکی کەم وەدووی جهاد دەکەون. زۆرینەی خەلک وەدووی پەیدا کردنی نانی رۆژانەوەن وخۆیان قوربانیی دەستی توند و تیژین؛ بەڵام هەر ئەوانیشن کە زەمینەی رادیکاڵ بوونیان تێدایە. ئەوەش لەو کاتەیدا کە سەرچاوە ئایینییەکانیان بە وردی دەخوێننەوە و بە لەبەرچاوگرتنی فەزای رادیکاڵی ئیسلامی ئێستاکە بەو ئاکامە دەگەن کە کاتی بێدەنگی چەک تێپەڕ بووە و ئیتر بەکارهێنانی توند و تیژی ئەرکی ئایینییانە.

## هاوشێوە بوونی مەسیحییەت

سروشتییە ئیسلامی مۆدەڕاتیش هەیە. نوێنەرانی ئەو رەوتە زۆربەیان لە زانستگاکانی ئەمریکا و ئوروپا کار دەکەن و پارەی باشیش وەردەگرن. بەڵام ئەوانیش سەروکاریان لەگەڵ کێشەی کاکڵەیی دینەکەیان هەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی ئیسلام، ئەوە سەردەمی پەرەسەندنی ئیسلامە و شەرعییەتبەخشین بە کوشتن لە رێگای خودادا لە مەدینە و موحەممەدێکی شەڕکەر چاوەڕێیان دەکا. ئەوە جیاوازییەکی سەرەکییە لە نیوان ئیسلام و مەسیحییەتدا. لە پەرەسەندنی مەسیحییەتیشدا توند و تیژی دەوری زۆری بینیوە، ناوی شەڕی عادلانەیان لەو توند و تیژییە ناوە و دژی لادەران و کافران شەڕکراوە. بەلام لە سەرچاوە مەسیحییەکاندا (عەهدی جەدید) رستەی واش دەبینری: بەشی قەیسەر بۆ قەیسەر و بەشی خوداش بۆ خودا. یان ئەوەی دەست دەداتە شمشیر بە شمشیر دەکوژرێ. یەکێک لە باوەڕە بنەڕەتییەکانی مەسیحییەت جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەتە (واتە کاری دنیایی و کاری مەعنەوی)، هەر وەها بێزاری لە توند و تیژی و ئەوەی دوژمنیشت خۆش بوێت. مەسیحییەت هەوڵیشی نەداوە لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لە دەقە پیرۆزەکانی بکا، بەڵکوو لەگەڵ سیستەمی حقووقی رۆم و کافرەکان خۆی گونجاندووە و لەواندا تواوەتەوە. تێکەڵاوی ئایین و سیاسەت بە هۆی دەستپێشخەری کلیساوە نەبوو، بەلکوو دەسەڵاتدارانی سیاسی هەوڵی بەدیهێنانی ئەو پێوەندییان دەدا.  دووئالیسمی دنیایی و رۆحی، کە لە بێشکەی مەسیحییەتدا هەیە سەرچاوەی ئیلهامی رێفۆرمخوازانی نێو کلیسا بووە، کە خوازیاری ئەوە بوون سنوور بۆ ئەو دووە دیار و روون بێ. هەر ئەوەش لە پڕۆسەیەکدا دەبووە هۆی سازبوونی دوو دەزگایی ئاینی و سیاسی و دیاریکردنی سنووری روون.

لە سوننەتی یەهوودی- مەسیحیدا شەرعییەت بەخشین بە توندو تیژی کەم بەر چاو دەکەوێ. لە دێکالۆگ (دە فەرمان) دا دەگوترێ "تۆ نابی بکوژی". ئیسلام بەو روونیە یاساخکردنی کوشتن ناناسێت. خودای مەسیحی و جوولەکە هەر خۆیەتی کە بڕیار لەسەر ژیان و مردن دەدا. کەسی دیکە بۆی نییە مافی کوشتنی خەڵک بە خۆی بدا. زۆر جار بە پشتبەستن بە کتێبی عەهدی عەتیق دەگوترێ خودای جووەکانیش توند و تیژە. ئەوەش بە مەبەستی دژایەتی لەتەک جوولەکە بە کار دەهێنرێت. بەلام راست پیچەوانەی ئەوە راستە. خودای ئیسرائیل ئیختیاری کوشتن لە مرۆڤ دەستێنێ. لە مەسیحییەتدا نەبوونی ئیمانی مەسیحییەت نابێتە هۆی بڕیاری کوشتن، بەڵکوو هەوڵی ئەوە دەدرا بینانکەن بە مەسیحی. پاش ئەوەی ئەمریکا دۆزرایەوە میسیۆناری وەک ویتۆریا و باڕتۆلۆمێ دیلا کاسێس، دەیانگوت بە پێی ئاینی مەسیحییەت کافرەکان وەک مرۆڤ هەمان مافی بنەڕەتییان هەیە کە مەسیحییەکان هەیانە. پاپ سەرکردەی کاتۆلیکەکانیش پشتگیریی ئەو دوو رۆحانییە مەسیحییەی دەکرد، هەر چەندە شای ئیسپانیا هەوڵی دەدا بەری بڵاوبوونەوەی وەها بیر و باوەرێک بگرێت.

جیاوازی سەرەکی لێرەدایە: موسوڵمانەکان مرۆڤی ناموسڵمان بە مرۆڤی تەواو نازانن. بە پێی فێرکردەکانی (تعالیم)ی ئیسلام، مرۆڤ بە پێی سروشت (فیترە) موسوڵمانە. نا موسوڵمانەکان لە مرۆڤایەتی بڕاون و مرۆڤێ ناسروشتین. بۆیە ئەسڵی یەکسانی مرۆڤەکان بە پێی سروشتی ئینسان بێ جیاوازی ئایین بوونی نییە. واتە مافی سروشتی مرۆڤی قەبوڵ نییە. ئیسلام مافی مرۆڤ بە شەریعەت دەبەستێتەوە، بۆیەش ئیسلامی راستەقینە توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ مۆدێرنیتەدا نییە.

## خۆ سڕینەوەیەکی دژوار

مافی مرۆڤ بە لێکدانەوەی هاوچەرخ بەرهەمی نەریتی یەهودی-مەسیحییە. بە پێی میراتی مەسیحییەت رێز لە سروشت و کەرامەتی هەموو مرۆڤێک دەگیرێت بە بێ جیاوازیی ئایینەکەی. ئەخلاق و بۆچوونیان لەبارەی مافەوە و هەروەها دڵۆڤانیان بەردەوام بەرەو پڕۆسەیەکی فیربوونیان دەبا بۆ ئەوەی واز لە شەرعییەت بەخشین بە زەبر و زەنگ بێنن، تەنانەت لە رووی تێئۆلۆژیشەوە.
رۆشنگەرییەکی هاوشێوە لە ئیسلامدا بە دی ناکرێ، یان هەر نەبێ نەهاتووەتە مەیدانی کردەوەوە. دڵۆڤانی الله تەنیا موسوڵمانان دەگرێتەوە و دەڵێ بە شمشێر بەگژ ناباوەراندا بچن. بێ دەسەڵاتی رۆشنبیرانی موسوڵمان لێرەدایە. بە پێی نەریتی ئاینییان ناتوان تێرۆری داعش بە شێوەی ئوسوڵی مەحکووم بکەن. کلیساکانی مەسیحییەت، بۆ خۆسڕینەوە، بەردەوام پەنایان بۆ سەرچاوە مەسیحییەکان دەبرد و قورسایی توند و تیژییان فڕیدەدا. ئیسلام بۆ سڕینەوەی توند و تیژی دەبێ دەست بە پڕۆسەیەکی پێچەوانە بکا. واتە خۆی لەو ئەسڵە دوور بخاتەوە، واز لە سروشتی سیاسی-ئایینی بێنێ و تەنیا جەخت بکاتە سەر ئایین. هەتا ئەمە رووی نەداوە، تەنیا هەل و مەرج پێویستە بۆ ئەوەی ئیسلام رووی توند و تیژی خۆی بە چەشنی جیاواز بنوێنێت.

*مارتین رۆنهایمەر مامۆستای ئێتیک و فەلسەفەی سیاسییە لەزانکۆی سانتا کرۆچە (خاچی پیرۆز)ی رۆم. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ئەم کتێبە: 'مەسیحییەت و دەوڵەتی سیکولار؛ مێژوو-هاوچەرخ-داهاتوو'
[Christentum und säkularer Staat. Geschichte- Gegenwart- Zukunft]، چاپی سێهەم.